کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12-6-2007 18:16

## دوای کۆبوونەوەکەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەدوکان و سەڵاحەدین چی بکرێت باشە ... هاوری رواندزی

لەماوەی چەندرۆژی رابردوو دا هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی



دیموکراتی کوردستان بەسەرپەرشتی بەرێزان مام جەلال و مسعود بارزانی دوو کۆبوونەوەی زۆر گرینگیان ئەنجام دا، ئەویش دەستنیشانکردنی خاڵە گرینگەکان بوو کەداهاتووی گەلی کوردی پێوە بەندە لەوانە پێداگرتن بوو لەسەر جی بەجێکردنی مادەی 140ی دەستوری هەمیشەیی عیراق و مەسەلەی تورکیا کەهەرەشە دەکات بێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان ئەمە جگە لەپتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی و پارتی تاوەکو بۆ ناو رێزەکانی خوارو ش ئەو تەبایە بچێت، کەلەهەموو کات زیاتر ئێستا پێویستیمان بەو تەباییە هەیە. بۆ ئەوەی ئەوانەی دژ بەئاشتین سەرکەوتوونەبن، لێرەدا گرینگترین بابەت لەو کۆبوونەوانە باس کرا کەئێستا کوردستان و عیراق و بەشێك لەووڵاتانی دراوسی ی مەشغول کردووە مادەی (140) ە ئەو مادەیە کە لەهەموو کۆر و کۆبوونەوەی جەماوەری و حزبی و حکومی باسی لێوەدەکری. ئەو مادەیەی کە گەلانی عیراق دەنگیان بۆ داو پەسندیان کرد کەچی ئێستا هەندی لایەنی نامەسئول دەیانەوی ئەو ماددەیە دوابخەن بۆ کاتێکی تر بەڵام هەرگیز سەرکردایەتی سیاسی کوردستان قبوڵی ناکات هەروەك چۆن سەرۆك تالەبانی ووتی مادەی 140 مادەیەکی دەستوریەو دەبی لەکاتی خۆیدا جێبەجی بکری. سەرۆك بارزانیش ووتی بەهیچ شێوەیەك قبولْ ناکەین ماددەی 140 دوابخرێت، لێرەدا بۆچوونی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان روون و ئاشکرایە کەبەهیچ جۆرێك لەگەڵ دواخستنی ماددەی 140 نین کەواتا چ پێویست دەکات هەندێك لەرۆژنامە کوردیەکان بەناحەق بەناوی سەرکردایەتی کوردستان قسەبکەن کەگوایە ئەوان رازین بەدواخستنی ئەو ماددەیە، ئەی باشە ئەم رۆژنامانە سەیری ئەو کۆبوونەوانەو کۆنگرە رۆژنامەوانیەکان ناکان تاوەکو بزانن بۆچوونی سەرکردایەتی کوردستان چی یە لەبارەی ئەو ماددەیەو.،

خالێکی تر کەزۆر گرینگە باسی لێوە بکەین ئەو تەبایی برایەتی یەیە کەلەنیوان هەردوو حزبی دەسەڵاتدار هەیە رۆژ بەرۆژ دەیانەوی پتەوترو بەهێز تری بکەن جا بۆیە پێویستە هەردوولا رێگا بەخەڵکی نامەسئول نەدەن تاوەکو بیانەوەی ئەو تەبایە سست بکەن، وەپێویستە ئەوە بکرێت هەردوولا سەرنجی کادیرەکانیان رابکێشن بۆ ئەوەی ئەو تەبایە بچێتە خواروی خوارو تاوەکو ئەوەی ئەمرۆ بۆمان هاتۆتە پێش لەدەستمانی نەدەین.

hawrerwandzi@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.